# پەیامی ئەنجومەنی باڵای کاروباری خانمان

## لەسەروبەندی پێکهێنانی کابینەی هەشتی حکومەتی هەرێمی کوردستان

بەبۆنەی چل ساڵەی شەهیدبوونی کچە خەباتکار وشۆڕشگێری گەڵەکەمان (لەیلا قاسم) ڕێزدار سەرۆکی هەرێم پەیامێکی ئاراستەی خەڵکی کوردستان و دونیا کرد،پەیامێکی لەوجۆرە لە بۆنەیەکی وەهادا لەلایەن سەرۆکی هەرێمی کوردستانەوە، بایەخی تایبەتی و مانای قوڵ دەگەیەنێت سەبارەت بە بڕوا ومتمانە بە خەباتی ژنان و لێهاتوییان لەگشت بوارەکاندا لەلایەن باڵاترین پێگەی دەسەڵاتەوە و شانازیە کەئافرەتانی کوردستان تەنانەت لەبەردەم پەتی سێدارەشدا دوژمنان لەبەرپێیاندا دەلەرزن، لەیلا قاسم و دەیان شەهیدی ئافرەتی دیکە، سەدان ژنانی قوربانیدەر و خەباتگێر ولێهاتوی کوردستان ، ئەوە دووپات دەکەنەوە کە تواناکانی ژنان هیچیان کەمترنیە لەتواناکانی پیاوان ، ئەگەر دەرفەتی کار وخەباتیان بۆ برەخسێ. هەرلێرەوە داواکارین لە حزبە سیاسیە تێکۆشەرەکانی کوردستان کە لەسەروبەندی پێکهێنانی کابینەی نوێی حکومەت و پۆستە باڵاکانی دیکەدان، دەرفەتی یەکسان بۆ ژنان بڕەخسێنن بۆ وەگەڕخستنی تواناکانیان لەبەڕێوەبردنی هەرێمەکەمانداو بەشداری بەچاویان لە کابینەی نوێدا، دڵنیاشین لەوەی کەئافرەتانی لێهاتوو بۆ هەڵگرتنی ئەو ئەرکانە کەم نین. چاوەڕوانی هەڵویستی حزبەکانین لە دەستنیشانکردنی کاندیدەکانیان بۆ ئەو پۆستانە هەروەها هەڵوێستی ئیجابی ڕێزدار نێچیرڤان بارزانی (راسپێردراو بەپێکهێنانی کابینەی نوێ) لەو ژنانەی کە کاندید دەکرێن بۆ ئەو پۆستانە.

پەخشان زەنگەنە
ئەمینداری گشتی ئەنجومەنی باڵای
کاروباری خانمان
١٣ /٥/٢٠١٤